کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-5-2007 13:25بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

hgrawy@yahoo. com
باشوری کوردستان_ هەولێر

## مالکیش خەریکە کورد ئەنفال دەکا! ... هەرمان خالد

دوای شەر ئازادی ئێراق لە بەهاری 2003، و دروست بوونی حکومەتی نوێی ئێراق، و بەشداری کردنی کورد بە شێوەیەکی دیار و بەرچاو لەم حکومەتەی بەغدا، ئەو ناوچە و خاکە کوردیانەی لە خاکی کوردستان دابڕابوون، کەوتنە بەر ڕەحمی ئەو ڕێککەوتن و ماددانەی تایبەت بەم ناوچانە دەرچون، لە ماددەی 140 دەستوری هەمیشەیی ئێراقی فیدراڵ (کە تەنیا دەسەڵاتدارانی کورد دان بەو فیدراڵیەتەوە دەنێن!!!) ری و شوێنی چارەسەرکردنی کێشەی ئەم ناوچانە دانراوە. کەچی هەر ڕۆژە و بە بیانوویەك حکومەتە دیکتاتۆرەکەی مالکیی و زید و عومر و عەلی و ... هتد. خۆیان لە جی بە جی کردنی دەدزنەوە. سەرکردایەتی کوردستانیش خوا هەڵناگری بینەرێکی بی دەنگی ئەو سیناریۆیانەن کە ئەوان (حکومەتی ئێراق) دایاندەرێژن بۆ ئەنفال کردنی ئەو خەونە خۆشەی کورد (گەڕانەوەی کەکوك و ناوچەکانی تری کوردستان بۆ سەر کوردستان) .

کورد ئەگەر چاوەڕێ بی جەنابی مالیکی یان عەلاوی کەرکوك و ناوچەکانی تری بۆ بکاتە دیاری و پێشکەشی کوردستانی بکا، ئەوا یان خۆیان لە گێلی دەدن یان خەڵکی بە گێل دەزانن. حکومەتەکەی بەغدا لە کاتێکی وا بی هێز و بی دەسەڵات وەفاداری بەرامبەر بە بەڵێنەکانی کە داویەتی بە کورد نەنوێنی و هیچ حیسابێك بۆ حکومەت و گەلی کوردستان نەکا، ئەی باشە گەر بەیانی بووەوە بە خاوەن سوپا زۆردارەکە و چەکە کیمیاویەکە، دەبی چۆن بە چ شێوەیەك کورد قران و ئەنفال دەست پی بکاتەوە؟

بە داخەوە بە هۆی ململانێی خۆبەخۆ و ناکۆکی حیزبایەتی، حیزبەکانی کوردستان تێکرا نەیان توانی دوای ڕووخانی بەعس تاك لایەنە کەرکوك و هەموو خاکە کوردیەکانی تر بهێننەوە سەر کوردستان، کە بێگومان ئەو کات کورد هەر بریارێکی بدایە سەرکەوتنی مسۆگەر بوو، گەر بزانین کورد لەو دەمەدا خاوەن سوپایەکی زۆر و زەبەند و پڕ چەکیش بوو، وە تەنیا هێزی ڕێکخراویش بوو لە گۆڕەپانەکە.

سەرکردایەتی کورد، دەبی بە زەبری هێز ڕاکانی خۆی بسەپێنی، چونکە (ماف دەسەنری، نادری)، وە دبی ئەوان کە خاوەنی گەلێکی 40_50 ملیۆنی دەکەن، هیچ سەنگ و کێشێك بۆ بارودۆخە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکان دانەنێن و لە مەسەلە نەتەوەییەکان یەکلایەنە ڕەفتار بکەن، چونکە گەر کورد و دەسەڵاتی کوردی چاوەڕێ بی هەڵێکی باشی وەدەست کەوی تاکو ئامانجەکانی بێنێتە دی و لە هەمان کاتدا وولاتانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیش پێی ڕازی بن، ئەوا دڵنیا بن ئەو ڕۆژە قەتاوقەت بە چاوان نابینن، دەبی بزانین کاتی شۆڕشی ئەیلولیش دەستی پێکرد، نە وولاتانی ناوچەکە و نە وولاتانی تری جیهانیش خۆشیان لەو جوڵانەوەیەی کورد نەدەهات، بەڵام چونکە شۆڕشی میللەتێك بوو، چونکە ئەم شۆڕشە پشت ئەستور بوو بە گەلی کورد، چونکە هەڵگری پەیامێکی ڕەوا بوو، سەرکەوتنی بە دەست هێنا.

ئێمە دەبی لە هەموو گەلانی تر زیاتر پەند لە مێژوو وەرگرین، حکومەتەکانی ئێراق بەردەوام لە کاتی تەنگاوی و بی هێزیدا، سەریان شۆڕ کردووە بۆ داخوازیەکانی کورد، کاتێکیش خۆیان گرتووەتەوەو بە هێز بوون، سەری کوردیان لە گۆڕ ناوە!!! لەمەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی (گەر خۆمان بی ئاگا نەکەین) مالکی سەدان جار لە سەددام بەرامبەر کورد پیسترو خراپترە، چونکە سەددام پشتی بە سوپایەکی بە هێز و پڕ چەك و پشتگیری نێودەوڵەتیش دژ بە کورد قایم بوو، بۆیە تاوانەکانی گەلێك گەورە بوون.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-5-2007 13:25بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

مالیکی بە بی دەسەڵاتی خۆی کە ناتوانی کۆنترۆڵی تەنانەت ناوچەی سەوزی بەغدا بکا، دەبێتە ڕێگر لە بەردەم هاتنەدی ئامانجەکانی کورد و ئاستەنگ دەخاتە بەردەم جی بە جی کردنی ماددەی 140 ی دەستوری ئێراق.

ئەمە لە ناواخنیدا زەنگێکی خەتەرناکە دەبی سەرکردایەتی کوردستان هەڵوەستەی لە سەر بکا و ڕۆڵی مێژوویی خۆی بگێڕی، مێژووش بەزەیی بە کەس نایەتەوە، سەدانی وەك ئەستێرە بەرز و بڵند ڕاگرتووە و هەزارانیشی فڕێداوەتە زبڵدانی خۆی. سەرکردایەتی کوردیش ئازادە چۆن دەیەوی ناوی بچێتە مێژووەوە!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.